# ساخکردنەوەی کۆمەڵە
# ئومێدەکان و کۆسپەکان

(ناوخۆیی بۆ ئەندامانی کۆمەڵە)

**ناسری حیسامی**

ماوەیەکە، پێناسەی کۆمەڵە، ئامانجەکانی، سیاسەتەکانی، بینا حیزبییەکەی، ڕێبەرایەتییەکەی، پرەنسیپەکانی و، ڕێگەکانی گەورەبوونەوە و بەرەوپێشچوونی، بوونەتەوە بە بابەتی لێدوانی ڕۆژانە لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا. تێکۆشەرانی کۆمەڵە، سەرقاڵی گەلێک باسی گەرموگوڕن لە بابەت پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ئەو ئەنجامانەی پێیان گەیشتین و، ئەو دۆخەی ئێستا تێیداین.

لە سەردەمی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا، گەلێک هیوای گەورە گەشابوونەوە. فیداکاریی گەورە لە پێناویاندا دەکرا. ڕۆژانی سەخت و پڕ ئومێد تێپەڕکران. هەنگاوی گەورە بەرەو گۆڕان، هەڵگیران. دوای ساڵها سستی و ناکامی، بووژانەوە هەستی پێدەکرا. دوای ساڵها شیعاری شکستخواردوو، کۆمەڵە دەهاتەوە ناو جەرگەی مەیدانێکی پڕتەکان. دوای ساڵها بێزاری لە پەیوەندیێکی کرمۆڵی پڕ لە ناتەبایی و بێمتمانەیی، بەرەبەرە متمانە و ڕاستگۆیی و بڕوا بەیەک کردن زیندوو دەبووەوە. دوای ساڵها یەکتر بوغزاندن، دوای ساڵها هەڕەشە و تۆمەت و ناووناتۆرە لە یەکنان، دوای ساڵها کە لێپرسراوانی حیزبی بە زمانی "ئەساسنامە مەرحەبایی ئەندامانیان دەکرد و، ئەندامان بە زمانی "تۆمار" و "فراکسیۆن" و "مەحفیل" و "گەرایش" لە گەڵ یەکتر دەدوان، لەسەردەمی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا هەستی شۆڕشگێڕی و خۆ تەرخانکردن بۆ خەبات لە پێناوی ئامانجی ڕزگاریخوازانەدا، هەستی خۆ بە بایەخدار زانین، گەرمای هێنایەوە ناو گیانی تێکۆشەرانی کۆمەڵە. تێکۆشەران نێوچاوانیان کرایەوە، دڵیان کرایەوە، زمانیان کرایەوە و، لەوە دەچوو هەموو شتێک پاک بووبێتەوە. هیوای ئەوەمان هەبوو، ئەو پرۆسەیە، کۆمەڵە هەتا ئاستی حیزبێکی ڕزگاریخوازی گەش و گەورە، بەرز کاتەوە.

بەڵام ئەو پرۆسەیە، بە سەر هێڵێکی ڕاست و بێگرێدا نەڕۆیشت. زۆر زوو جاڕی ئەوە درا "ڕاپەڕین تەواوبوو". زۆر زوو ڕاگەیەندرا "پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، تەواو بوو". بە ئەندامانی کۆمەڵە ڕاگەیەندرا:[1] "پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە تەواو بووە، ئەو پرۆسەیە بە ئەنجامی خۆی گەیشتووە و، ئەوانەی دەیانهەوێ کۆمەڵە گۆڕانی زیاتری بەسەردا بێ، بڕۆنەوە ماڵی خۆیان". ئەو قسەیە، زۆر لەو قسەیەی خومەینی دەچوو کە هەر ڕۆژی دوای ڕاپەڕینی ئێران بە خەڵکی ڕاپەڕیوی گوت "ڕاپەڕین تەواو بووە. چەکەکان بدەنەوە بە ئەرتەشو، خۆتان بڕۆنەوە ماڵ". **لە ڕاستیدا، دەسەڵاتی بەپارێز، ئاڵوگۆڕی تەنیا تا ئەو جێگایە دەوێ کە خۆی بەدەسەڵات بگا. لە دوای ئەوە، بەرانبەر بە ئاڵوگۆڕ و ئیرادەی پێکهێنەرانی ئاڵوگۆڕ دەوەستێ، هەڕەشەی لێدەکا، بە گێرەشێوێن ناوی دەبا و، سەرەنجام سەرکوتی دەکا.**

ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ڕەوتێک بوو ڕوو لە گۆڕانی بنەڕەتی. ئەو گۆڕانە دەمێک بوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا داوای دەکرا. کۆمەڵە چاوەڕوانیی ئەوەی لێدەکرا لە حاست ئەو هەلومەرجە تازەیەی کوردستان چاو بکاتەوە کە تێیدا، ڕەوتی وەخەبەرهاتنی نەتەوەیی و وشیاریی نەتەوەیی، ڕەوتی گەشانەوەی ڕووناکبیری، ڕەوتی بایەخدانان بۆ نوێبوونەوە و ناسینی ڕاستییەکانی سەردەم هەتا دەهات پەرەی دەگرت. دیتبوومان خەڵکی کوردستان پشتیان لەو حیزبە هەڵکردووە کە لە جیاتی دانوستان لە گەڵ دیاردەنوێیەکان، لە حوجرەکانیدا حەدیسی مێژوو دەگێڕێتەوە و، لە سیاسەت و کۆمەڵناسیدا خاوەنی گوتارێکە کە تەنیا ئاڵقەیەک لە تێکۆشەرانی لە مێژینەی خۆی تێی دەگەن. کۆمەڵە، بە بێ ئەو گۆڕانە، تێدا دەچوو. گۆڕانێک لە پێناوی ئەوەدا کە کۆمەڵە ببێتە حیزبی جەماوەری بەرینی خەڵکی ستەملێکراو و بێبەشی کوردستان. حیزبێک بۆ ڕێکخستنی خەباتی بێبەشان لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیدا. بەشداریکردن لەو خەباتەدا، پێویستیی بەوە هەبوو و هەیە کە کۆمەڵە:

1- ببێتە حیزبێکی کوردستانی. بەو مانایە کە شوێنی هەڵسووڕانی کۆمەڵە کوردستانە. داکۆکی لە هەموو مافێکی خەڵکی کوردستان دەکا و، ئیتر داکۆکی لە خەڵکی ژێردەستەی کوردستان و، داکۆکی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارانی کوردستان، وەک داکۆکی لە ژێردەستان و چەوساوەکانی هەموو جیهان مایەی شانازی بێ و نەکرێتە بیانوو بۆ دەستەسازکردن لە "ڕاست".

2- ببێتە حیزبێکی بەرین کە تێکۆشەرانی کۆمەڵگایەکی زیندوو بتوانن بیکەنە سەنگەری خۆیان. تێکۆشەران بتوانن بە سیمای خۆیانەوە، بێنە ناوی و بۆ درێژەدان بە خەباتی حیزبی ناچار نەبن لە فیلتێری ئیدئۆلۆژیک و لە پاڵوێنەی قەبووڵی ئەو کەسانە تێپەڕ بن کە زەوقی خۆیان و زۆر جاریش وەهمەکانیان و بەرژەوەندەکانیان ناو دەنێن ڕێبازی کۆمەڵە و بەرژەوەندی کۆمەڵە. ببێتە حیزبێکی سیاسیی خاوەنی بەرنامەی ڕۆشنی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

3- ببێتە حیزبێکی مودێرن کە بینا حیزبییەکەی وەڵامدەرەوەی ناوەرۆکی ئازادیخوازانە و عەداڵەتخوازانەی بێ و هەروەها لە گەڵ سەردەمی نوێ و پێویستییەکانی سەردەمی خۆی بگونجێ. ئورگان و دەزگای حیزبی، دامەزراوەی حیزبی و کۆمیتە و پێکهاتەی دیکەی حیزبی، قەوارەکەی دروست بکەن.

4- ببێتە حیزبێک کە دیموکراتیکترین ڕێسا بەسەر پەیوەندەکانیدا زاڵ بن. بەها دێمۆکراتیکەکان، تێیدا ڕێزیان لێ بگیرێ و، کەسەکان تێیدا وەک سەربازە دارینەی شەترەنج چاویان لێنەکرێ. لەسەر ڕەخنە گرتن لە سیاسەتێک یان هێنانەگۆڕی باسێک کەس دەستەی لێ ساز نەکرێ و، تۆمەتی لێ نەدرێ. **بە تایبەت، بە هۆی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابوردوو، زۆر پێویست بوو کۆمەڵە چ لە پێڕەوی ناوخۆیدا و چ لە کردار و ڕەفتاری ڕۆژانەیدا، نیشان بدا ئیتر ئەو ڕابوردووە تاڵە دووپات نابێتەوە. پێویست بوو کۆمەڵە لەم بابەتەوە سیمایەکی تازە لە خۆی نیشان بدا، بە جۆرێک کە بیرەوەرییە ناخۆشەکانی پەیوەندی دەمکوتکەرانە و**

**سەرکوتکەرانەی پێشووی سەردەمی دەسەڵاتی کۆمۆنیزمی کارگەری لە زەینی هەڵسووڕاوانی خۆی و بزووتنەوەکە بسڕێتەوە.** حیزبەکە تا ئەوکات، بە درێژایی ساڵها، ڕەخنەگرانی ناوخۆی دەمکوت کردبوو. لەم بابەتەوە، پەروەندەی حیزبەکە، تەنیا لە گەڵ دواکەوتووترین و داخراوترین حیزبەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات قابیلی بەراوردکردن بوو.

5- ببێتە حیزبێکی شەفاف و وەڵامدەرەوە، کە سیاسەتەکانی ڕوون بن، ڕاشکاوانە بن و ڕابگەیەندرێن. سیاسەتەکانی لە کۆبوونەوەی حیزبیدا و لە پلینۆمەکان و کۆنگرەکانیدا بێنە بەرباس و، ڕاوێژیان لەسەر بکرێ و، کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانەکانی ڕابەری، لە بەردەم کۆنگرەکان و کۆنفرانسەکان و پلینۆمەکان وەڵامدەرەوە بن.

6- ببێتە حیزبێک کە سیستمی ماڵی و داراییەکەی قابیلی لێپرسینەوە بێ و، شەفاف بێ و، ڕێگا بۆ ئەوە نەهێڵێتەوە کە وەک دەورەکانی پێشوو پرۆژە ماڵییەکانی نهێنی بن، تەنیا ژمارەیەک لە "ڕابەران" بە داراییەکانی بزانن و، لە کاتی پێویستدا وەک گۆپاڵ لە دژی لایەنی بەرانبەریان بەکاری بێنن و تەنانەت بتوانن ڕەخنەگری خۆیان نانبڕاو و بێبەرگ و بێچەک و بێخێوەت بکەن. ببێتە حیزبێک کە کۆمیتەی ناوەندی یان ئۆرگانی دیکەی هەڵبژاردەی کۆنگرە، چاوەدێریی تەواوی بەسەر پرۆسەی خەرج وداهات و پرۆژەماڵییەکانیدا هەبێ و، ببێتە حیزبێک کە دەسەڵاتی ماڵی لە خزمەت دەستەبەندیی سیاسی و حیزبیی ناوخۆییدا بەکار نەهێنرێ.

7- ببێتە ناوەندی بیروڕاگۆڕینەوەی ئازاد، پرسیار کردن، لێپرسینەوە، ڕەخنەگرتن، دیالۆگ، فێربوون و گەشەکردن.

ئێستا، 6 ساڵ زیاتر لە کۆنفرانسی ساخکردنەوەی کۆمەڵە تێپەڕیوە. لەو ماوەیەدا، ڕەوتی بە پارێز و دژ بە ئاڵوگۆڕ، لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، بەرانبەر بە هەر هەنگاوێکی ئاڵوگۆڕ وەستاوە. ئەوەندەی توانیویەتی **بە کردەوە** پێشی پێگرتووە و، هەرنەبێ، ڕەوتەکەی خاو کردووەتەوە.

گرنگترین بڕیارەکانی ئێمەی ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، کە ڕەوتی بەپارێز ملی لێ بادان، بەرانبەریان وەستا و، سەرەنجام یان بێدەنگەی کرد یان نابەدڵ قەبووڵی کردن و ژێربەژێر هەوڵیدا لەباریان بەرێ ئەوانە بوون: بڕیاری هەڵبژاردنی ناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"، بڕیاری کوردستانیبوون و خەباتی لێبڕاوانە لە پێناو بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە کوردستان، بڕیاری بەڕەسمیناسینی ئاڵای کوردستان وەک هێمای خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئەوەدا کە ناسنامە نەتەوەییەکەی ڕێزی لێ بگیرێ، بڕیاری پەیوەستبوون بە ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست، بڕیاری ئەوەکە خەڵکی کوردستان بۆیان هەیە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەباتی خۆیان بدۆزنەوە، بڕیاری هەوڵدان بۆ دیمۆکراتیزەکردنی پەیوەندە حیزبییەکان و پەرەپێدانی ساختاری حیزبی و، سەرەنجام بڕیاری پاوان نەکردنی دەسەڵات و دەزگای ماڵی بەو مانایە کە توانایی ماڵی نەکرێتە پاڵپشتی هێژمۆنیی سیاسی لە ناوخۆی حیزبەکەدا و تواناییە ماڵی و داراییەکان لە کێشەی سیاسیدا یەکلاکەرەوە و چارەنوسساز نەبن.

ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ئێستا تووشی کۆسپێک بووە. ژمارەیەک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ڕەوتی ساخکردنەوە و پرەنسیپە حیزبییەکانی، خراونەتە پەراوێز. ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، پێویستە بەرانبەر بەو دیاردەیە بوەستێ و ئەرکەکانی خۆی لە پێناو کۆمەڵەیەکی گەش، ڕوو لە گەورەبوونەوە، ڕێزگر لە دیمۆکراسی و وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگا، بەرەوپێش بەرێ. ئەو دیاردانەی پێویستە ببنە جێگای سەرنجی تێکۆشەرانی ڕێبازی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ئەمانەن:

**حیزبێک بە بێ ڕێکخستنی حیزبی**

ئەوەی دەمێکە کراوەتە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە، بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ شێوازی بەڕێوەبردنی حیزبێکی هاوچەرخ نایەتەوە. حیزبێک لە ئاساییترین پێکهاتەی خۆیدا بریتییە لە هیرەمێکی پێکهاتوو لە ئورگان و دەزگا و کۆمیتەکان. بە بێ ئەوانە، حیزب شکڵ ناگرێ. کۆمیتەکان و ئۆرگانە حیزبییەکان، هەتا ڕادەی تواندنەوەیان، لاواز کراون. کاری کۆمیتەکان و لێپرسراوانی دەزگاکانی کۆمەڵە، دەخالەتی بانسەرانەی تێدا دەکرێ و، بڕیارەکانیان هەڵدوەشێندرێتەوە. کۆمیتەکان و ئورگان و دەزگا حیزبییەکان بە بێ ئاییننامە بەڕێوە دەبرێن، هەتا هیچ ئاییننامەیەک پێش بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە نەگرێ. سنووری دەسەڵاتی کۆمیتەکان، بە پێی ئەوەی کێ ئەندامی کۆمیتەکان بێ دەگۆڕێ و، قەوارەکەی هەرجارەی بە پێی بەرژەوەندی ناوەندی دەسەڵات دەسکاری دەکرێ.

لەمدواییانەدا، "ئینسیجامی کۆمەڵە" و "پێویستیی حیزبی پۆلایین" کرایە ناوێکی نهێنی بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی مەرکەزی هەموو جووڵەیەکی کۆمەڵە بێنێتە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ. گەلێک بڕیاری کۆمیتەکان، لە لایەن ناوەندی دەسەڵاتەوە بە بێ هیچ بیانوویەک هەڵوەشێندرانەوە. ژمارەیەک لە ئەندامانی د.س بە دەسەڵاتێکی واوەتر لە سنوورەکانی پێڕەوی ناوخۆ، بەسەر کۆمیتەکان و دەزگاکاندا باز دەدەن. کۆمەڵە بە شێوەی حیزبێکی پادگانی بەڕێوە دەبرێ، کە هەموو هەڵسووڕاوانی بریتین لە فەرمانبەر و سەربازی تاک، لە ژێر فەرمانی چەند گەورە سەرکردەیەکدا.

کۆمەڵە پێویستە ببێتە خاوەنی ڕێکخستنێکی مۆدێرنی حیزبی. پێکهاتەی سوننەتی و بابمەزنانە، پێویستە بە خێرایی ماڵاوایی لێبکرێ.

**حیزب دەبێ نوێنەری ئیرادەی ئەندامانی بێ**

لە حیزبێکی ساخ و تەندروستدا، هەر بڕیارێک و پەسندکرانی هەر سیاسەتێک ئەنجامی پرۆسەیەکی دیمۆکراتیکی ڕاوێژ، بیروڕاگۆڕینەوە و، هەڵسەنگاندنە. بە پێچەوانەوە، لە قەوارەیەکی داخراو و نادیمۆکراتیکدا، بڕیاردان ئەنجامی ساتوسەودا، سرتوخورت، زەدوبەند، بەرژەوەندخوازی و پاوانکردنی ناوەندەکانی بڕیاردانە. لەو قەوارەیەدا، بێجگە لەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستە، هەرکەسی دیکە بیبەهوێ بەشدارییەکی زیندوو لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی حیزبەکەدا بکا، پێشی پێ دەگیرێ، تاوانبار دەکرێ[(2)]، بێدەنگ دەکرێ و،

دەخرێتە پەراوێز. نیشانەی حیزبی تەندروست، بەرینبوونەوەی بازنەی ئیرادەی گشتییە. نیشانەی حیزبی گەندەڵ، تەنگبوونەوەی بازنەی بڕیاربەدەستان و، بەرینبوونەوەی بازنەی ئەو کەس و ئۆرگانانەیە کە دەخرێنە پەراوێز و کز دەکرێن.

یەکێک لە نیشانەکانی هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی ڕەخنەگران، هاوماناکردنی "ڕەخنەگرتن" و "دژایەتیی بەرژەوەندەکانی کۆمەڵە"یە. واتا، ناوەندی دەسەڵات خۆی دەنێتە جێگای کۆمەڵە و، بەرژەوەندەکانی خۆی، ناو دەنێ بەرژەوەندی کۆمەڵە. ئەوە، تایبەتمەندیی هەموو دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ، ناوەڵامدەرەوە و نادیمۆکراتیکە. لە قەوارەی دیمۆکراتیکدا، بەرژەوەندی گشتی، بە هاتنەمەیدانی ئیرادەی گشتی، لە ڕێگەی دەخالەتی ڕاستەوخۆ و دەنگدانەوە، نوێنەرایەتی دەکرێ. لە قەوارەی داخراودا، دەسەڵات، حەقانییەتی هەموو شتێک دیاری دەکا. ئەو ناوەندە لەبەر ئەوەی خۆی بە مافدار و خاوەنی هەموو شتێک دەزانێ، تەنانەت ئەو کاتانەی دێتە مەیدانی "دیالۆگ"، خۆی با هاوشان دانانێ هەر بۆیە زمانی دیالۆگیان، تەوساوی، زبر و دژمنکارانەیە.

لەم دواییانەدا، لە چەند کۆبوونەوەی حیزبیدا، وتەبێژانی ناوەندی دەسەڵات ڕەخنەگرانیان بەوە تاوانبار کردووە کە "بە پێچەوانەی بەرژەوەندی کۆمەڵە دەجووڵێنەوە"[3] و "موخالیفی خەتی ڕەسمیی کۆمەڵەن". لەوە دەچێ مەبەست لە خەتی ڕەسمی، ئەو شتە بێ کە ناوەندی دەسەڵات ئەمڕۆ کردوویەتە عەزمی خۆی. ئەگینا ئەگەر مەبەست لە خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە، بەڵگە و پەسندکراوەکانی کۆمەڵە بن، لە ڕاستیدا ئەوەی بە ناوی خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە دەناسرێ و، لە بەڵگەو پەسندکراوەکانی کۆنگرەکان و کۆبوونەوە بڕیاردەرە حیزبییەکاندا ڕاگەیەندراون، هەموویان بەرهەمی ویستی ئێمەی تێکۆشەرانی ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە بوون و، زۆر جار ڕەوتی بە پارێز لە بەرانبەر پەسندکرانیاندا وەستاوە و موقاوەمەتی کردووە. قورساییەکی گەورەی ئەدەبییاتی سەردەمی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، بەرهەمی ئەو کەسانەیە کە ئێستا کەوتوونەتە بەر هێرشی ناڕەوای ناوەندی دەسەڵات. هەندێک لە ئەندامانی ڕەوتی بەپارێز، لەم 6 ساڵەی دوای ساخبوونەوەی کۆمەڵەدا، هەڵوێستیان بریتی بووە لە بازبازێنی فیکری و سیاسی و هەڵوێست گۆڕین بە پێی کەشوهەوا. خاوەنی ڕێچکەیەکی ناسراو نەبوون تا ناوی بنرێ خەت. ئەو هەموو بازبازێنە ناکرێ ناوی بنرێ خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە.

### بەکارهێنانی دەسەڵاتی حیزبی لە دژی ڕەخنەگران

لەم دواییانەدا زەمزەمەی ئەوە دەبیسترێ کە وەرگرتنی ئەندام لە دەرەوەی وڵات دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە نزیکەی 95%ی ئەوانەی لە 6 ساڵی ڕابوردوودا لە دەرەوەی وڵات بوونەتە ئەندامی کۆمەڵە، لە تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە بوون کە بە "تەیفی کۆمەڵە" ناسراون.

لە نیوەی دووهەمی هەشتاکانەوە و بە تایبەت لە سەرەتای دەیەی نەوەدی زایینیدا، سەدان کەس لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە ڕوویان کردە وڵاتانی ڕۆژئاوا. چ ئەوانەی بە هۆی

بریندارببوون لە سەنگەرەکانی شەڕدا ناردرانە دەرەوە و چ ئەوانەی دواتر "پرۆژەی ئیعزام" لە ڕاستیدا لە کۆمەڵەی ئەنفال کردن، هەمیشە بە سەرمایەیەکی گەورەی کۆمەڵە زانراون. ئەوانە سەدان کادری بەناوبانگ، خۆشناو و تێکۆشەرن. ڕێژەیەکی گەورەی ئەندامانی ئێستای بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵە، هەر لەو کادرانەن کە لەو ساڵانەدا لەدەرەوە بوون.

لە سەرەتای ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا، ئێمەمانان، ماڵ بە ماڵ گەڕاین و داوامان لەو تێکۆشەرانە کرد بۆ بەهێزکردنی ئەو ڕەوتە بێنەوە ناو کۆمەڵە. هەندێکیان پێشتر مەسئوولی دەبیرخانەی دەرەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری ئەندامەتیی لێ ئەستاندبوونەوە. ئەو هاوڕێیانە، زۆریان وتیان لە بابەت گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵە تێبینییان هەیە و دەیانهەوێ تێبینییەکانیان لەبەرچاو بگیرێ. دەفتەری سیاسیی ئەوکات، پێی ڕاگەیاندن بۆ تێکۆشان لە پێناو ئەو گۆڕانکارییانەدا با ئەو تێکۆشەرانە بێنەوە ناو کۆمەڵە و لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا و لە کۆبوونەوە بڕیاردەرە حیزبییەکاندا، هەوڵ بدەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانیان. کەچی لە یەکەم کۆنفرانسی سکاندیناڤیدا، هەر ئەو کەسانە لە لایەن "نوێنەری دەفتەری سیاسییەوە" پێیان ڕاگەیەندرا، ئەگەر تێبینییان هەیە، با لە کۆمەڵە بچنەدەر و، لە دەرەوەی کۆمەڵە قسەکانیان بکەن. ئەوە، ناتەبایە لە گەڵ سەرەکیترین ئامانجەکانی ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ناتەبایە لە گەڵ بنەماکانی دیمۆکراسی ناوخۆیی و دیالۆگ، ناتەبایە لەگەڵ بەڕەسمیناسینی مافی ئەندامان بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان و، کارتێکردنی بڕیارەکان بە دەنگدان لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا. ئەوانەی بەم جۆرە سەرەکیترین پرەنسیپەکانی حیزبایەتی پێشێل دەکەن و، لە دژی بەهاکانی ڕەوتی ساخکردنەوە دەوەستن، ناتوانن بە ناوی خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە خۆ بناسێنن. ئەو ئیددیعایە، تەنیا کاتێک ڕەواجی دەبێ، کە بە زەبری دەسەڵات داسەپێندرێ.

### هەڵسووڕانی سیاسی و شەفافییەت

ماوەیەکە، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی سیاسی لە کۆمەڵەدا چووەتە پەراوێزەوە. لە کۆنگرەکان و کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیشدا، ئەوەندەی کێشەی ناوخۆیی جێگای لێدوان بووە، ئەوەندە لێکدانەوەی سیاسی و بەڵگە و بڕیارنامەی سیاسی نەهاتوونەتە بەر باس. هەندێک نیشانەی ئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە: ئەوە کە لەهەر قۆناغێکدا چ سیاسەتێک ڕەچاوبکرێ و چ ئەرکێکی سیاسی و حیزبی فوکووسی لەسەر بکرێ، تەواو پەیوەندی بەوە هەیە کە چ کەڵکێکی ناوخۆیی لێ وەردەگیرێ.

بڵاوکراوەی ناوەندیی کۆمەڵە، تەنیا لە دووسێ ساڵی یەکەمی ساخبوونەوەی کۆمەڵەدا بوو بە سەکۆی ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکانی کۆمەڵە و شوێنی وتارنووسینی ئەندامانی ناوەندی و دەفتەری سیاسی. لە دوو سێ ساڵی ڕابوردوودا، بە دەگمەن لێکۆڵینەوەیەک لە بابەت مەسەلە سیاسییە گرنگەکانی کوردستان و ئێران و ناوچەکە بە ئیمزای ئەندامانی دەفتەری سیاسی بڵاوکراوەتەوە. دەڵێی هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی ئەو هاوڕێیانە، نەک هەر پرۆژەکانیان، بەڵکوو خەتی فیکری و سیاسیشیان غەیری قابیلی

خوێندنەوە بێ و، هیچ هەڵوێستێک لە سەر خۆیان نەکەنە ماڵ، تا هەموو ڕۆژێ ئیمکانی مانۆڤری تازەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار لە بۆنە گرنگەکاندا هەڵوێست و بەیاننامەی ناوەندی و د.س بڵاوناکرێتەوە. ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی، کە بریتی بێ لە دەفتەری سیاسی، ئەوەندەی سەرقاڵی کێشەی دەستەبەندی، دەخالەت لە پرۆژەماڵییەکاندا و بەکارهێنانی کارتی کایەی دەسەڵاتن، ئەوەندە خەریکی سیاسەتدارشتن و نوێنەرایەتیی سیاسیی کۆمەڵە نین.

**دارایی و ناوەندی سیاسی**

لە حیزبێکی ساخ و تەندروست دا، لەحیزبێکدا کە بیهەوێ خۆی لە مەترسیی گەندەڵی دوور ڕابگرێ، پێویستە ڕێگا نەدرێ، دەسەڵاتی ماڵی، چارەنووسی هێڵە فیکرییەکان و ڕەوتەسیاسییەکانی ناو حیزبەکە دیاری بکا. دەفتەری سیاسی نابێ لە حیزبەکەی خۆیدا هاوکات کاری بانکیش بکا. بەشی دارایی حیزب، وەک لە هەموو دنیای پێشکەوتوودا باوە، پێویستە بە دەزگایەک بسپێردرێ کە بە پێی بنەما و ڕێسای کارشناسانە، قابیلی حیسابرەسی و، خاوەنی دەفتەر و ژمارە و ڕەقەم، بەڕێوە ببرێ و کۆمیتەی ناوەندی یان ئۆرگانی دیکەی هەڵبژاردەی کۆنگرە چاوەدێریی تەواوی بەسەریدا هەبێ.

لە کۆنفرانسی دووهەمی سکاندیناڤی باسی لێپرسینەوەی بەشی دارایی هاتەگۆڕ. پێشنیار کرا، دوو کەس چاوەدێری دارایی هەڵبژێردرێن کە ئەندامی کۆمیتەکە نەبن و، چاوەدێریی دارایی و خەرجەکانی کۆمیتەکە بکەن. نوێنەری ڕەوتی بەپارێزی ناو کۆمەڵە، دژ بە هەڵبژاردنی چاوەدێری دارایی قسەی کرد و ئیستیدلالی ئەوە بوو کە ”کۆمەڵە حیزبێکی نهێنییە و ناتوانێ حیسابی داراییەکانی بخاتە بەردەستی ئەم و ئەو“.

ئەوە کە سەرمایە و دارایی کۆمەڵە چەندە و، کۆمەڵە لە کوێ سەرمایەی هەیە، دەکرێ نهێنی بێ، بەڵام ئەوە کە داهاتەکان چۆن سەرف دەکرێن، هەمیشە دەبێ قابیلی لێپرسینەوە بێ و، ناکرێ بکرێتە ”نهێنی“ و مەتەڵۆکەی ئەمنییەتی. ئەوە تەنیا لێپرسینەوەیە، کە سنووری نێوان شەفافییەت و گەندەڵی دیاری دەکا.

دەربازبوون لەم دۆخە و زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتانەدا، هەوڵدانێکی کارسازی دەوێ کە تێیدا ڕیزەکانی کۆمەڵە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بەشدار بن. ئەو هەڵمەتە پێویستە بە هەمووومان ڕێکی بخەین و بەشداریی تێدا بکەین.

---

**پەراوێزەکان:**

(1) لە کۆنفرانسی یەکەمی ئەندامانی کۆمەڵەدا لە سکاندیناڤی، ستۆکهۆڵم، ئاپریلی 2004، ئەبووبەکری مودەڕەسی، کە وەک نوێنەری دەفتەری سیاسی خۆی ناساند، ئەو قسەیەی کرد. تا ئێستا دەفتەری سیاسی ئەو هەڵوێستەی وەرنەگرتووەتەوە. مودەڕەسی

وتی: "ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە تەواو بووە. هەرکەس بەتەمای ئەوە هاتووەتە ناو کۆمەڵە کە کۆمەڵە بگۆڕێ، با بڕواتەوە ماڵی خۆی و لەدەرەوەی کۆمەڵە هەوڵ بدا بۆ گۆڕینی کۆمەڵە". مودەڕڕەسی وتی "لە ماڵی خۆشتان دەتوانن موبارەزەی شەرافەتمەندانە بکەن".

(2) ماوەیەک لەوە پێش، هێرشی عەلیزادە، پێشنیارێکی بۆ گۆڕینی بەندی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە هێنایە گۆڕ. هێرش، لەسەر ئەوە ناووناتۆرەی لێدرا و بە شێواندنی کۆمەڵەو سەبەبکاری بێ ئیسیجامی ناودێر کرا. تەنانەت کاتێک کە سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ ڕایگەیاند پێشنیاری گۆڕینی بەندی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە، یەکەمجار خۆی هێناویەتییە گۆڕ، هێشتا هێرش داوای لێبووردنی لێ نەکرا کە بۆچی لەسەر هێنانەگۆڕی هەمان پێشنیار بە شێواندنی کۆمەڵە تاوانبار کرابوو. ئەوە تەنیا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوانەی ملکەچ و بێدەنگ نەبن، مافی ئەوەیان پێنادرێ تەنانەت بۆ تەئییدی سیاسەتەکانی کۆمەڵەش ئیزهاری وجوود بکەن.

ئەو کەسانەی لەسەر ئەوەی هێرش هەڵگری بۆچوونێکی سیاسیی جیاوازە، سووکایەتییان پێکرد، لێیان نەپرسرایەوە. گەلێک شکایەتی دیکەش لە بابەت سەرپێچیکردنی لەم چەشنە چوونە بەردەستی دەفتەری سیاسی کە تێیاندا ڕەخنەگران شکایەتیان کردبوو کە جنێویان پێدراوە و، هەڕەشەیان لێکراوە. دەفتەری سیاسی لەو شکایەتانەی نەپرسییەوە و ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ڕەخنەگران فشاریان بۆ بهێنرێ. ئەوە ئەو شەپۆلەیە کە ڕاستەوخۆ بە پشتیوانیی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە لە دژی ڕەخنەگران کەوتووەتە ڕێ. لە کاتێکدا کە نهێنیترین باسەکانی ناو کۆنگرەکان و پلینۆمەکان و کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی، لە کۆڕی ناسیاوانیاندا باسی دەکرێ، خەڵک لەدژی کەسانێکی دیاریکراو هەڵدەخرێنن بە پاساوی ئەوە کە نهێنییەکان دەدرکێنن. هاوڕێیان بە تەمان ئەم کارانەیان بە ناوی هەوڵدان بۆ "ئینسیجام" لێ قەبوول بکەین.

(3) دەفتەری سیاسی لە نامەیەکدا بۆ سەباحی ئەمینی، کادری لەمێژینە و فەرماندەی ناسراوی کۆمەڵە نووسیویەتی: "**بەدژی کۆمەڵە و بەرژەوەندەکەی کارتان کردووە**" و "دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە **بڕیاری داوە** کە تا ئاگادارکردنەوەی دوایی **لە هاتنەوە بۆ کوردستان** و بۆ **ئۆردووگای کۆمەڵە** خۆتان بپارێزن". مەعلووم نییە کام، بەڵگەی حیزبی و کام پێڕەوی ناوخۆ ئەو دەسەڵاتەی بە دەفتەری سیاسی داوە هاتوچۆی کوردستان لە کەسێک قەدەغە بکا.